National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## راپۆرتێک لەبارەی:

# کێشەی بینای حکومی لەگەرمیان و کاریگەری لەسەر هاوڵاتیان

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

1/12/2019

| ناونیشان | ژمارەی پەڕە |
|---|---|
| بەشی یەکەم: ڕاپۆرت | |
| پێشەکی | 3 |
| بەشێکی بەڕێوبەرایەتیەکانی گەرمیان بێ بینان | 4 |
| ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی بەڕێوبەرایەتی تر خراوەتە لایان گرفتیان بۆ دروست بوە | 4 |
| ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی بینایان هەیە بیناکانیان گونجاوە یاخود کۆنە | 5 |
| بەڕێوبەرایەتیەکان بەشەکانیان تێکەڵکردوە بە هۆی نەبونی جێگەوە | 7 |
| فەرمانگەکانی گەرمیان پێویستیان بە بینا و نۆژەنەکردنەوەی بیناکانیانە | 7 |
| بەڕێوبەری ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی بینایان نیە چی دەڵێن؟ | 8 |
| سێ بەڕێوبەرایەتی گرنگ لە بینایەکی میوان دان! | 8 |
| بەڕێوبەرایەتیەک بەبێ بینا پەرتەوازە بوە | 10 |
| بەڕێوبەرایەتیەکی گشتی لەنێو کابینەدایە! | 12 |
| تێکەڵکردنی بەڕێوبەرایەتیەکان گرفتی بۆ هاوڵاتیان دروستکردوە | 13 |
| ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی بیناکانیان "داگیرکراوە" | 13 |
| ئیدارەی گەرمیان پلانی چیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نەبونی بینا؟ | 14 |
| گرفتەکانی بەڕێوبەرایەتیەکانی کفری لە روی بیناوە | 14 |
| گرفتی بینا لە ناحیەکان | 15 |
| کاریگەریی کێشەی بینا بەسەر هاوڵاتیانەوە | 16 |
| بەشی دوەم: دەرەنجام و راسپاردەکان | |

| | |
|---|---|
| دەرەنجام و راسپاردە | 19 |
| بەشی سێیەم: ناساندن | |
| ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان | 20 |
| ناساندنی رادیۆی دەنگ | 21 |
| ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED | 22 |
| ناساندنی ناوچەی گەرمیان | 22 |

## بەشی یەکەم: راپۆرت

### 1. پێشەکی

گەرمیان هەرچەندە بە پێی ئیدارە سەربەخۆکەی بێت هاوشێوەی پارێزگایەک مامەڵە دەکات و ژمارەی دانشتوانەکەشی بەهۆی کۆچی دانشتوانی ناوچە جێناکۆکەکانەوە روی لە هەڵکشان کردوە، بەڵام هێشتا نزیکەی 40% حکومەتە خۆجێیەکەی بینایان نیە.

نەبونی بینای تایبەت بە فەرمانگە و بەڕێوبەرایەتیەکان و تێکەڵکردنیان لەگەڵ بەرێوبەرایەتیەکانی دیکە، هەم ئاستەنگی بۆ فەرمانگەکان دروستکردوە، هەم بۆ هاوڵاتیانیش بوەتە بارگرانی و تەنانەت لە هەندێک باریشدا مەترسی لەسەر ژیانیان دروست کردوە.

لە راپۆرتی دوەمی وەرزی نوێی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیاندا بە وردی کێشە و گرفتەکانی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە حکومیەکان دەخەینەڕو.

**❊ ئامار**

بە پێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی ئاماری گەرمیان بۆ ساڵی 2019_2020 گرفتی بینا لە ئیدارەی گەرمیان بەم شێوەیە:

| ژ | ئەو فەرمانگانەی بینای هەیە | ئەو فەرمانگانەی بینای نیە |
|---|---|---|
| 1 | 38 (62.2%) | 23 (37.7%) |



## 2. بەشێکی بەڕێوبەرایەتیەکانی گەرمیان بێ بینان

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان بەشێکی فەرمانگەکانی گەرمیان بینای تایبەت بە خۆیان نیە و لە فەرمانگەکانی تر جێگە کراونەتەوە و ئیدارەی گەرمیانیش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە.

یونس ئەحمەد، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، باسی لەوەکرد: "لە گەرمیان بەشێکی زۆری فەرمانگە و بەڕێوبەرایەتیەکانمان بینای تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەوانەشی کە نیانە لە بینای بەڕێوبەرایەتیەکانی دیکە جێگەمان کردونەتەوە بە ناچاری بۆ ئەوەی لە کرێ نەمێننەوە کە بارگرانی دروست کردبو بۆ حکومەت، ئەوانەشی لە کرێ ماونەتەوە لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕێت".

وتیشی: راستە گرفتی بۆ فەرمانگەکانی دیکە دروست کردوە، بەڵام بە بەرنامە ئەوەمان کردوە بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ هاولاَتیان دروست نەکەن.

دادگاکانی کەلار و گەرمیانیش لە گرفتی نەبونی بینا بە دەرنین و بینای تایبەت بە خۆیان نیە، ئەوەشی کە هەیە شیاو نیە و توشی گرفتی کردون.

لە ساڵی ٢٠١٣وە بڕیاری دروستکردنی بینایەکی تایبەت بە دادگاکان دەرکراوە لەگەرمیان، تائێستا تەواو نەکراوە و دوبارە کارکردن تێیدا دەستی پێکردوەتەوە، بەڵام وادەی تەواوبونی دیار نیە.

## 3. ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی بەرێوبەرایەتی تر خراوەتە لایان گرفتیان بۆ دروست بوە

بانکی کەلار کە رۆژانە ژمارەیەکی هاولاَتی زۆر سەردانی دەکات بەشێوەیەک کە بەهۆی پاڵەپەستۆی زۆرەوە لە ماوەی رابردودا هاولاَتیەک لە بانکەکەدا گیانی لەدەست داوە، بەڕێوبەرەکەشی دەڵێت: کارەکانی بانکەکەم رێکخستۆتەوە، بەو شێوەیەی کە لەپێشوتردا پاڵەپەستۆ هەبوە، نەماوەو کەمتر بۆتەوە.

سەردانیکەرانی بانکی کەلار بەشێوەیەکە بە پێی ئاماری بانکی کەلار رۆژ هەیە (1000) کەس کاری بۆ بەڕێکراوە.

لەبارەی گونجاوی بیناکەیانەوە (ئاریا ئەنوەر محەمەد)، بەڕێوبەری بانکی کەلار، باسیلەوەشکرد روبەری بیناکەیان گونجاوە بۆ ئێستا، تاکە گرفتێکی ئەوان کە هەیە بونی گەنجینەی گەرمیانە لە نهۆمی سێیەمی بانکەکە.

وەکخۆی هێمای بۆکرد گرفتەکەش لەوەوە سەرچاوەی گرتەوە کە بەپێی یاسایی بانک دەبێت کاتژمێرێک پێش وادەی ئاسایی دەوام دەرگای بانکەکان دابخرێت بۆ وردبینی "ئێمە بەهۆی گەنجینەی گەرمیانەوە هەندێکجار هاوڵاتی پۆلیسەکان هەڵدەخەڵەتێنێت بەناوی چون بۆ گەنجینەوە دێت بۆ کاری بانکی".

لە هەمان کاتدا، ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی باسی لەوەشکرد: ئەم بەڕێوبەرایەتیانەی بۆ ئەوەی لە کرێ نەمێننەوە لە ئیدارەی گەرمیانەوە دابەشکردنیان بۆ کرا بەسەر ئەو شوێنانەی کە بینای خۆیانن ئێمەش بە ناچاری وەرمان گرتون، ئەگەرچی ئەمان زەوییان بۆ دابین کراوە، بەڵام لە ئێستا بینایان بۆ دروست ناکرێت بەهۆی دۆخەکە.

### 4. ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی بینایان هەیە بیناکانیان گونجاوە یاخود کۆنە

لەبەر ئەوەی بەشێکی ئەو بینایانەی دروست کراوە بۆ بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەکان ڕەچاوی زەمەن نەکراوە، ڕۆژ بەدوای ڕۆژ لە گەڵ فراوان بونی ناوچەکە ئیتر بیناکان دەبنە بەشێک لە دروستکردنی ئاستەنگ بۆ کاری ڕۆژانەی ئەو دەزگایانە.

ماوەی مانگێکە دوبەشی نوێ لەناو بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان کراوەتەوە کە خۆی دەبینێتەوە لە کردنەوەی بەشی ئاڵوگۆڕی خاوەنداریەتی و نوێکردنەوەی ساڵنامەی ئۆتۆمبیل، بەهۆی بچوکی نەگونجاوی بینای هاتوچۆی گەرمیان لەناو بیناکە بەتەنیشتیەوە شوێنی بۆ دروستکراوە.



**دیمەنێک لە بەشی ئاڵوگۆڕی خاوەنداریەتی و ساڵنامەی ئۆتۆمبیل لە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان**

بەڕێوبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی هاتوچۆی گەرمیان، باس لەوەدەکات ڕاستە کارەکانیان پەکی نەکەوتوە بەهۆی بیناوە، بەڵام پێویستیان بە بینای نوێ و تایبەت هەیە بە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ، چونکە وردە وردە کارەکانی فراوان دەبێت پێویستمان بەبینای مۆدێرنە.

ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی سەردانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ دەکات بەشێوەیەک وەک کارزان مەجید، بەڕێوبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی هاتوچۆی گەرمیان هێمای بۆکرد ڕۆژانە سەردانیکەریان دەگات بە ٥٠٠ کەس، بەڵام ئەم بینایەی ئێستایان نە شوێنی پارکینی ئۆتۆمبێلی بۆ سەردانیکەران هەیە نە گەراجی گونجاویان بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە دەستی بەسەردا دەگیرێت.



**دیمەنێک لەشوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلی دەست بەسەردا گیراو لە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان**

تێبینی: شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلی دەست بەسەردا گیراو دەکەوێتە دوای ئەو ڕاگرەی لە وێنەکەدا دەرکەوتوە و پێش گرتوخانەی گەرمیانە کە دەبینین شوێنێکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ئۆتۆمبێلەکان وەستاو لە شوێنێکی خاکی و خۆڵدا ئەبێت لە وەزی زستاندا دیمەنەکان چیمان پیشان بدەن لەم گەراجە خۆڵەی هاتوچۆدا!

کارزان مەجید، وتیشی: "بە نوسراو داوامان کردوە، چونکە ئەم گرفتە بەتەنها بۆ بەڕێوبەرایەتی نەهاتۆتە پێش، بەڵکو گرفتی بنکەکانی هاتوچۆی کەلارو کفریشە".

## 5. بەڕێوبەرایەتیەکان بەشەکانیان تێکەڵکردوە بە هۆی نەبونی جێگەوە

بەشێک لە فەرمانگەکانی کەلار ئەگەرچی بینای تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام بەهۆی تێکەڵکردنی بەشێک لە فەرمانگەکان روبەروی گرفت بونەتەوە، وەکخۆیان دەڵێن: چەندین هۆبەیان تێکەڵ کردوە و رۆتیناتیان بۆ دروست بوە.

ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، دەڵێت: بەشی (باخچەکان و خزمەتگوزاری و ئامێرەکان)ە بە هۆی نەبونی شوێن، لە دەرەوەی بیناکەی شارەانی داناوە ئەگەر ئەم بەڕێوبەرایەتیانە لێرە نەبن هەمو بەشەکان لێرە دەبێت.

لە بارەی ئەوەی تاچەند پێویستیان بە هۆبەی دیکە هەیە، سەرۆکی شارەوانی کەلار هێمای بۆ ئەوەکرد: لە ئێستادا پێویستی بە 30 هۆبەیە، بەڵام تێکەڵمان کردوە بۆ (10 بۆ 15) ئەمەش ئاستەنگی دروست کردوە بۆ ئێمەش و هاوڵاتیانیش، تەنانەت بەشی فایلات هەیە بۆ ئەمساڵ رەنگە ناچار بین ژوری بۆ دروست بکەین.

## 6. فەرمانگەکانی گەرمیان پێویستیان بە بینا و نۆژەنەکردنەوەی بیناکانیانە

بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، بەشێک لە فەرمانگە و بەڕێوبەرایەتیەکان لە گەرمیان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، زیاتر لە 20 بینای پێویستە بۆ ئەو فەرمانگانەی کە بینایان نیە.

یونس ئەحمەد، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، لە بارەی نۆژەنکردنەوەی بینا لە گەرمیان، هێمای بۆ ئەوە کرد: "هەر فەرمانگە و بەرێوبەرایەتیەک کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بێت کاری نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی لای ئێمەیە، هەمانیش بوە نۆژەنمان کردوەتەوە، بە نمونە قائیمقامیەتی کەلار و کفری، لەگەڵ ئەوەش هەشمانە دەرخستەمان بۆ ئامادە کردوە، بەڵام بەهۆی دۆخەکە وەستاوە".

وتیشی: ئەو بینا و فەرمانگانەی کە وەزارەتی تایبەت بە خۆی هەبێت ئەوە لای وەزارەتی خۆیانە.

## 7. بەڕێوبەری ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی بینایان نیە چی دەڵێن؟

هەرچەندە لە ماوەکانی پێشودا قەیرانی دارایی نەبوە، بەڵام نەتوانراوە بینای پێویست بۆ فەرمانگە حکومیەکانی گەرمیان دروست بکرێت و کۆی ئەو بەڕێوبەرانەی بۆ یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی قسەیان کردوە گرفتیان لەگەڵ نەبونی بینا و کۆنی بیناکانیاندا هەیە.

بەڕێوبەری رەگەزنامەی گەرمیان، لەبارەی نزیک نەبونی بیناکانی تایبەت بە رەگەزنامە لە کەلار ئاماژەی بەوەکرد، بەهۆی ئەوەی ئیدارەیەک نیە بە پلان و هەیکەلی ئیداری بیناکان دروست بکات و شوێنەکانیان بە گونجاوی دەستنیشان بکات، هاوڵاتی باجی ئەوەی داوە، هەر فەرمانگەیەک و لە شوێنێک بێت لە کاتێکدا کارەکانیان هاوبەشە.

بیناکانی رەگەزنامە بەشێکیان بینای تایبەتی خۆیان هەیە و بەشێکی دیکەیان بینایان نیە، بەشێوەیەک فەرمانگەی باری شارستانی نەوجول لە بینای رۆشنبیری مناڵاندایە و پێبازیش بینای نیە.

محەمەد عەبدوڵڵا سەمین، بەڕێوبەری رەگەزنامەی گەرمیان، لەبارەی گرفتەکانی بینا کە بۆیان هاتۆتە پێش هێمای بەوەکرد کە دەبێت بیناکانیان پێکەوە نزیک بن یاخود لە یەک بینای نمونەی بن، نەوەک بەم شێویە دور لەیەک کە هاوڵاتی بۆ مامەڵەیەک دەبێت بچێتە چەند شوێنێک.

لە بارەی چارەسەرەکانیشیەوە بەڕێوبەری رەگەزنامەی گەرمیان تیشکی خستە سەر ئەوەی کە لە گەرمیان بیناکانی تایبەت بە بەڕێوبەرایەتی فەرمانگە خزمەتگوزاریەکان پشتگوێخراوە "هەر بینایەک هاوڵاتی زیاتر کاری پێی بێت دەبینن هیچ کارێکی بۆ نەکراوە"، بەڵام وەک خۆیان لەگەڵ رەگەزنامەی سلێمانی نەخشەیەکیان پێشکەش کردوە بۆ دروستکردنی بینایەکەی تایبەت بە کارەکانیان چاوەڕیی وەڵامن.

## 8. سێ بەڕێوبەرایەتی گرنگ لە بینایەکی میوان دان!

بەهۆی نەبونی بینا بۆ بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەکان لە گەرمیان سێ بەڕێوبەرایەتی گەرمیان کارەکانیان لە بینایەکی تایبەت بە رۆشنبیری بەڕێوەدەبەن کە دروستکراوە بۆ چالاکی ئافرەتان.

ئەم بینایە هەریەکە لە بەڕێوبەرایەتیەکانی: (باج و دەرامەتی گەرمیان، خانەنشینی گەرمیان، باجی خانوبەرەی گەرمیان) لە خۆ دەگرێت و لەساڵی (٢٠١٦) ەوە لێرەن، ئەوەش داوی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران بەوەی کە فەرمانگە حکومیەکان نابێت لە خانوی کرێ دا بن.

ساڵی ٢٠١٥ بڕیاربو کۆمەڵگەیەکی تایبەت بە فەرمانگەکانی سەربە وەزارەتی دارایی لە کەلار دروست بکرێت، بەڵام بەڕێوبەری باج و دەرامەتی گەرمیان، دەڵێت: بەهۆکاری قەیرانی داراییەوە پرۆژەکە نەچوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

پەیوەندیدار بەم پرۆژەوە ئەرکان مەجید، بەڕێوبەری فەرمانگەی خانەنیشین لە گەرمیان، هێمای بەوەکرد گەنجینەی گەرمیان ئاگەدار کراوەتەوە بەوەی کە هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی پرۆژەکە بخریتە بواری جێبەجێکردن و تەندەرینی بۆ بکرێت.

لەبەر ئەوەی بیناکەیان تایبەتە بە چالاکی، بەشێکی زۆری بیناکە لە هۆڵ پێکهاتوە بۆ ئەم گرفتەش بەڕێوبەرانی ئەم سێ فەرمانگەیە هەستاون بە دروستکردنی راگری پلاستیکی بۆ دروستکردنی بەش و هۆبەکان بەم شێوەیە کە لە وێنەکەدا دەردەکەوێت.



**دیمەنێک لە بەشەکانی بەڕێوبەرایەتی باج و دەرامەتی گەرمیان**

بابەعەلی محەمەد عزیز، بەڕێوبەری باج و دەرامەتی گەرمیان، لەبارەی ئەو گرفتانەی هاتونەتە پێش بۆ کارەکانیان بە هۆی نەبونی بینای تایبەتەوە، باسی لەوەکرد تەنانەت شوێنی گونجاویان بۆ کۆگاکردنی کەلوپەلەکانیشیان بە گوێرەی پێوست نیە.

باسی لەوەشکرد شوێنی کارمەندەکانیان نەگونجاوە بەوەی هیچ جێگەیەکی بۆ وەرگرتنی پشویان نیە بەهۆی نەبونی بینای تایبەت بەخۆیان "بەشێوەیەک لە ٢٠١٦ نەیان توانیوە تەنانەت چایەک لێبنەن".

ئەم گرفتە بە وتەی بەڕێوبەرانی خانەنیشی گەرمیان و باجی خانوبەرەی گەرمیان، لای ئەوانیش بونی هەیە. بەڕێوبەرەکەی باجی خانوبەرەی گەرمیان ئاماژەی بەوەشکرد بەهۆی زۆری کارەوە وەزارەتی دارایی لێرە نەیتوانیوە بینا بۆ بەڕێوبەرایەتیەکانی سەربەخۆی دروست بکات.

ئارام عادل قادر، بەرێوبەری باجی خانوبەرەی گەرمیان دەڵێت: ئێستا شوێنەکانیان گونجاندوە، بەڵام نەیانتوانیوە بە هەیکەلی کارگێری رێکی بخەن.

شوێنی کارەکانیانی ئەم سێ بەڕێوبەرایەتیە بەشێوەیەکە (ئەرکان مەجید حەمید)، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی خانەنیشینی گەرمیان، وتی: "دو ژور لەگەڵ دو هۆڵ دراوە پێمان بۆ رایکردنی کارەکانمان".

## 9. بەڕێوبەرایەتیەک بەبێ بینا پەرتەوازە بوە

فریاد هیدایەت، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لە گەرمیان، دەڵێت: "فەرمانگەکەی ئێمە شوێنی تایبەت بە خۆمان نیە لە کاتێکدا دەبوایە بینای تایبەت بە خۆمانمان هەبوایە، هەر یەکەمان و کەوتوینەتە شوێنێک و بەشێکمان لە کرێین و بەرێوبەرایەتی گەرمیانمان میوانە لە یەکێک لە بەڕێوبەرایەتیەکان، تەنها نوسینگەی کەلارمان نەبێت کە خانویەکیان بۆ کرپوین ئەویش بۆ کارەکانی ئێمە گونجاو نیە، چونکە لە ناو چەقی شاردایە و گرفتی زۆری بۆ دروست کردوین".

ئاماژەی بەوەشکرد: چەندین بەشمان تێکەڵ کردوە بە ناچاری بەهۆی نەبونی بینا لە کاتێکدا پێویستمان بە زیاتر لە 20 هۆبە هەیە، چونکە دو بەشمان هەیە پێویستیان بە شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوانیش: لێکۆڵەرەکان و توێژەرەکانن کە پێویست هەر یەکەیان و شوێنی تایبەت بە خۆیان هەبێت، سەرباری بەشەکانی ترمان کە هەمویان تێکەڵ کراون و گرفتی بۆ دروست کردوین.



*** دیمەنی نوسینگەی کەلاری بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی خێزانی گەرمیان**




**دیمەنی نوسینگەی کەلاری سەنتەری راوێژکاری خێزانی**

لە بارەی ئەوەی تا چەند شوێنی تایبەت هەیە بەو خێزانانەی کە لەیەک جیابونەتەوە و منداڵەکانیانی تێدا ببینن، وتەبێژی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی گەرمیان هێمای بۆ ئەوەشکرد: "شوێنی تایبەت بەو خێزانانەی کە جیابونەتەوە نیمانە کە منداڵەکانیانی تێدا ببینن، بەڵکو هەرجارە و لە جێگەیەک یەک دەبینن کە شیاوی ئەوە نیە، تەنانەت شوێنی واشمان نیە ئەو ئافرەتانەی کە بە شەوان هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە و تێدا بمێننەوە، شێڵتەریش بەبێ فەرمانی دادگا وەریان ناگرن".

لە ساڵی 2003 بینای تایبەت بە تەندروستی گەرمیان دروست کرا، بەڵام لە کەلار نا لە دەربەندیخان، باس لەوە دەکرێت بەڕێوبەری ئەو کات بە ویستی خۆی کردی لە کاتێکدا کەلار سەنتەری گەرمیانە.

د.سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان باس لەوە دەکات: "بینای تایبەت بە تەندروستی گەرمیان لە دەربەندیخان دروستکراوە لە کاتێکدا دەبوایە لە کەلار دروست بکرایە، ئێستاش ئێمە بینامان نیە و بەشێکمان لە کابینەین بەشێکیشمان تێکەڵ بە نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون بوین، ئەمەش گرفتی بۆ دروست کردوین تەنانەت چەند بەشمان هەیە لە دەرەوەیە و ئەکتیڤ نیە".

## 10. بەڕێوبەرایەتیەکی گشتی لەنێو کابینەدایە!

لە بارەی ئەو بەشانەی کە لە دەرەوەی بەڕێوبەرایەتیە بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیان وتی: نەبونی بینا وایکردوە بەشی کۆگای دەرمان لای خۆمان نەبێت و نوسینگەی لیژنەی پزیشکیمان لە دەرەوەیە و نوسینگەی لە دایکبوان لە دەرەوەیە کە دەبێت لە بەڕێوبەرایەتی بێت، هەروەها بەشەکانی پەرەپێدانی تەندروستی و فێرکردنی بەردەوام و بەشی کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری کە بەشی زۆر گرنگن بەهۆی نەبونی شوێنەوە ئەکتیڤ نین.

لە بارەی دروستکردنی بینای تایبەت بە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان چیان کردوە، سیروان محەمەد دەڵێت: لە پلانی چوار ساڵەی داهاتو داوامان کردوە کە بینای تایبەت بە خۆمان دروست بکرێت، ئەو بینایەشی ئەگەر دروست بکرێت بڕی 1 ملیار دیناری تێدەچێت.



**دیمەنی بەشێک لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان**

## 11. تێکەڵکردنی بەڕێوبەرایەتیەکان گرفتی بۆ هاوڵاتیان دروستکردوە

نەبونی بینای تایبەت بە فەرمانگەکان گرفتی بۆ فەرمانبەران و هاوڵاتیانیش دروست کردوە بەهۆی بەر تەسکی جێگەکانیان کە دەبێت کاتێکی زۆر چاوەڕوان ببن یاخود بەسەر یەکەوە لە ژورەکاندا کەڵەکە ببن.

شەهاب ئەحمەد، قایمقامی قەزای کەلار، باس لەوە دەکات: "ئەم بینایەی ئێمەی تێداین هی خۆمان نیە، بەلکو هی کۆمەڵەی فەرمانگەکانە کە جگە لە ئێمە 4 فەرمانگەی تری تێدایە، بۆیە بەو هۆیەشەوە روبەروی کۆمەڵێگ گیروگرفت بوینەتەوە بە ناچاری چەند بەشێکمان تێکەڵ کردوە، لەگەڵ ئەوەش بەهۆی نەبونی جێگە نە هۆڵی کۆبونەوە و کۆنفرانسمان هەیە نە کۆگاشمان هەیە".

هێمای بۆ ئەوەش کرد: شارەوانی زەوی بۆ تەرخان کردوین، بەڵام تاوەکو ئێستا دەست بە دروستکردنی نەکراوە و چاوەڕوانین.

## 12. ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی بیناکانیان "داگیرکراوە"

هەندێک لە بەڕێوبەرایەتیەکان بینایان بۆ دابین کراوە، بەڵام بەرێوبەرایەتی دیکە بەکاری دەهێنێت.

فریاد هیدایەت، باس لەوەدەکات، لە ساڵی 2012 زەوییان بۆ تەرخان کردین تەنانەت نەخشەی دیزاینەکەشمان ئامادەکرد و دەرخستەشی بۆ کرا، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچمان بۆ نەکراوە نازانین بۆچی؟

وتەبێژەکەی بەرێوبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ژنان، دەشڵێت: دواتر بینایەک دروست کرا بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان و پەرەدان بە تواناکانیان ئەوەش سودمان لێ نەبینی و لەلایەن سەرۆکایەتی دادگای گەرمیانەوە بەکاردەهێنرێت، لە کاتێکدا لە شوێنەکانی تر لەلایەن بەرێوبەرایەتی توندوتیژی ژنانەوە بەکاردەهێنرێت، هەروەها لەمساڵیشدا زەوییان بۆ تەرخان کردوین ئەویش جارێک هیچ دیار نیە.

بەشی زۆری فەرمانگەکانی گەرمیان بینای کۆنن و ئەمەش وایکردوە لەگەڵ گەورەبون و فراوان بونی ئێستای گەرمیاندا ئاستەنگ دروستبکەن.

ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، وتی: "ئەم بینایەی کە تێیداین هی ئێمەیە لە روی هەیکەلی ئیدارییەوە، بەڵام هەریەکە لە شارەوانیەکانی گەرمیان و بانک و خانوبەری گەرمیان و وەبەرهێنان لێرەن، ئەمەش وایکردوە گرفتی شوێنمان بۆ دروست ببێت و بە ناچاری بەشەکانمان تێکەڵ کردوە".

## 13. ئیدارەی گەرمیان پلانی چیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نەبونی بینا؟

بەشێکی زۆری فەرمانگەکانی گەرمیان بینای تایبەت بە خۆیان نیە و جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان دەڵێت: ئەوەی ئەرکی ئێمەیە هاوکارییان بین نەک بینایان بۆ دروست بکەین.

یونس ئەحمەد، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، باسی لەوەکرد: "پلانی ئێمە ئەوەیە کە هاوکاری ئەو فەرمانگانەین کە داواکارییەکیان هەیە و بۆیان جێبەجێبکەین".

لەبارەی دروستکردنی بینا بۆ بەرێوبەرایەتیەکانەوە، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان دەڵێت: هەر فەرمانگە و وەزارەتی خۆی هەیە و داواکانیان ئاراستەی ئەوێ دەکەن، ئێمە ئەوەی لە سەرمانە زەوییان بۆ دابین بکەین لەگەڵ شارەوانی".

## 14. گرفتەکانی بەرێوبەرایەتیەکانی کفری لە روی بیناوە

سەرەرای کۆنی بیناکانی بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەکانی قەزاکە، بەڵام قائیمقامی قەزای کفری دەڵیت: هیچ فەرمانگەو بەڕێوبەرایەتیەک لە بینای کرێدا نیەو سەرجەمیان بە سەربەخۆی بینای خۆیان هەیە.

ئەگەر هەمو فەرمانگە و بەڕێوبەرایەتیەکانی قەزای کفری خاوەنی بینای خۆیان بن ئاخۆ هەندێکیان وەک ڤێتەنەری و بنکەی پۆلیس کفری کە زۆر کۆنە بیناکانیان گرفتیان بۆ دروست نەبوە؟

جەلال شێخ نوری، قائیمقامی قەزای کفری، بۆ ئەمە دەڵێت: بەڵێ گرفتی دروستکردوە، چونکە ئەو بینایانە تەواو کۆنن.

لەبارەی نەشیاوی بینای هاتوچۆی کفریەوە، قایمقامی قەزاکە ئەوەی خستەرو ئەو بینایە هی وەزارەتێکی تر بوەو دراوە بەوان، بەڵام بۆ ئێستای ئەوان باشە.

سەرۆکایەتی شارەوانی کفری بینای خۆی نیە ئەو بینای تێیدایە بینای چاودێری و کۆمەڵایەتی قەزاکەیە، وەک سەرۆکی شارەوانی دەڵیت: بیناکەی خۆیان ئەوەندە کۆن و بچوک بوە بەکەڵکی هیچ شتێک نایەت.

قادر فەتاح، سەرۆکی شارەوانی کفری، لەبارەی چارەسەری خێرایان بۆ ئەم گرفتی بینایە وتی: کارەکانمان پەکی نەکەوتوە رۆژانە مامەڵەی هاوڵاتیان و کاری خۆمان دەکەین بۆ دروستکردنی بینای شارەوانی لەسەر داهاتی پترۆ

دۆلار بیناکەمان ٥٠% تەواو بوە، بەلام وەستاوە کارەکانی لەگەڵ کۆمپانیانی جێبەجێکار قسەم کردوەو بەمزوانە دەست دەکرێتەوە بە کارکردن تێیدا.

## 15. گرفتی بینا لە ناحیەکان

ناحیەکان کۆمەڵگەی فەرمانگەکانی تێیدایە کە ئەمە سیستەمێکی کۆنی بەڕێوبردنی ئەو فەرمانگەیە، وەک بەڕێوبەری ناحیەی سەرقەڵا ئاماژەی پێکرد لەکاتێکدا خێزانێک دێن کارتی نیشتمانی دەردەکات لە پڕ پۆلیس بەهێزێکەوە پیاوکوژێک دێینە بیناکەوە کە ئەمەش تەواو نەگونجاوە و باری دەرونی منالٚ و ئافرەتانی ئەو خێزانە دەشێوێنێت.

بینای کۆمەڵگەی فەرمانگەکان لە ناحیەی سەرقەڵا چەندین فەرمانگەی تێدایە لەوانە بەڕیوبەرایەتی ناحیە، ڤێتەرنەری، کارتی نیشتیمانی، پۆلیس، پۆلیسی دارستان و چەندین فەرمانگەی دیکە.

رامیار عەبدولڕەحمان، بەڕێوبەری ناحیەی سەرقەڵا، لە بارەی ئەو گرفت و نەگونجاوییەی لە بیناکانیان هەیە لە ناحیەکە، باسیلەوەکرد فەرمانگەی کارەبای ناحیەکەیان بینای نیە و لە بینایەکی کشتوکاڵە، شارەوانی لە بینای گوستنەوەدایە وەرزش و لاوان هەر بینای نیەو فەرمانبەریشی نیە لە ناحیەکە.

"ئێمە گرفتمان زۆرە لە روی بینا و زۆربەی فەرمانگەکان بینای تایبەت بە خۆیان نیە یان زۆر کۆنن یان لە خانوی ماڵاندان کە هی حکومەت خۆیەتی و لە کۆی ١٤ فەرمانگە ٦ دانەیان بینایان نیە". عەزیز محەمەد، بەڕێوبەری ناحیەی باوەنور، وا دەڵێت.

وتیشی: ئەو فەرمانگایانەشی بینایان هەیە پێویستیان بە نۆژەن کردنەوە هەیە بەتایبەت سەرۆکایەتی شارەوانی ناحیەکە یان لە ماڵاندان و گونجاو نیە بۆ فەرمانگە، تەنها فەرمانگەی رۆشنبیری و کتێبخانە بینایان هەیە ئەوانیش پێکەوەن و تێکەڵن، بەلام بینای مەڵبەندە تەندروستیەکانمان و نەخۆشخانەکەمان گرفتیان نیە".

بەپێچەوانی بەشێک لە ناحیەکانی تری گەرمیان، ناحیەی رزگاری گرفتی بینای کەمە، ئەوەی هەیە تەنها چەند بینایەکن و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە.

سروە محەمەد، بەڕێوبەری ناحیەی رزگاری، وتی: "لە رزگاری لە ٩٠%ی فەرمانگەکانمان بینای خۆیان هەیە و هیچیان لە کرێ نیە، جگە لە بینای بەڕێوبەرایەتی ناحیە و دارایی و بنکەی توندوتیژی دژی ژنان تێکەڵن پێکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا راستە گرفتی دروست کردوە و هۆبەکان تێکەڵ کراون، بەلام نەبوەتە هۆیە ئەوەی مامەڵەی هاولاتیان بوەستێت".

لە بارەی ئەو فەرمانگانەی کە بینای تایبەت بە خۆیان هەیە و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، هێمای بۆ ئەوەش کرد: سەرۆکایەتی شارەوانی ناحیەی رزگاری و بنکەی دارستانی ناحیە بینای خۆیانە، بەڵام زۆر کۆنە و پێویستیان بە نۆژەن کردنەوە هەیە لەگەڵ بینای بەڕێوبەرایەتی ناحیە.

سروە محەمەد وتیشی: لە پلانی چوارساڵە داوامان کردوە کە بینایەک بۆ بەریوبەرایەتی ناحیە و سەرۆکایەتی شارەوانی دروست بکرێت.

یونس ئەحمەد، جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان باسی لەوەکرد: "لە ناحیەکان بەهۆی قەیرانی دارایی ئەو پلانانەی کە هەمان بو وەستا بەتاییەت لە بارەی کردنەوەی کۆمەڵگەی فەرمانگەکان، بەڵام جێبەجێنەکراوە و پەیوەستە بە کۆتای هێنانی قەیرانەوە".

## 16. کاریگەریی کێشەی بینا بەسەر هاوڵاتیانەوە

هاوڵاتیان باس لە نەشیاوی بینای فەرمانگەکان دەکەن بەهۆی نەبونی شوێنی گونجاو بۆیان لە کاتی رایکردنی مامەڵەکانیان.

حەسەن فەتاح، هاوڵاتیەکی دانشتوی قەزای کەلارە لە بارەی ئەو گرفتانەی کە بەهۆی تێکەڵکردنی فەرمانگە حکومیەکان لە بینایەکدا دەڵێت: "پێشینەی خانوبەرەم وەرگرتبو لە پێشتر کەفیلەکەم وازی هێنا ناچار بوم کە کەفیلێکی دیکە بخەمە جێگەی، بۆیە دیسان دەبوایە مامەڵەم بکردایەتەوە لە فەرمانگەکان زیاتر لە دو کاتژمێر وەستام تا یەک دو کارم بۆ رای بکرێت بە هۆی نەبونی جێگە و قەرەباڵەغیەوە وازم هێنا".

باسی لەوەشکرد: بەرگەم نەگرت ئەو هەمو کات و رۆژە بەسەر ببەم لە فەرمانگەکان و زیاتر لە شەش ملیۆنم لامابو گەڕاندمەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر نەیەمەوە ئەم فەرمانگانە.

"کە دەچێتە دەزگا حکومیەکانی گەرمیان بەشی زۆریان شوێنی چاوەڕوانیان بۆ هاوڵاتیان نیە وەکپێویست، تەنانەت شوێنی راگرتنی ئۆتۆمبێلیشیان نیە نازانین بۆچی بەم شێوەیەن، بینا تازەکانیش هەمان شێوەن ئەوەنیە بڵین هەندێکیان کۆنن". هاوڵاتی (محەمەد سەباح) وا دەڵێت.

ئەگەر ئەمە چەند گرفتێکی بن کە ئەم هاوڵاتیانە خستیە رو ئەوا چەندین گرفتی دیکە هەن کە هاوڵاتیان رۆژانە و لە وەرزە جیاوازەکان روبەڕوی دەبنەوە.

پەروین حەسەن، هاوڵاتیەکی دیکەیە هێمای بەچەند گرفتێک کرد کە روبەڕوی بۆتەوە: "لە وەرزی هاوین چوینە دادگای کەلار بەڕاستی نازانم ئەوە چ بینایەکە بۆ دادگا! باری دەرونیت ناجێگیربێت و بچیتە ئەوێ ئەمە جێگای پرسیارە!".

ئەو بەردەوام بو لە قسەکانی و وتی : ئەم دەزگا حکومیانەی گەرمیان هەریەکەو لە شوێنیکە بە سیستەمێک، نەیان گونجاندون بۆ نزیکی کارەکانیان لە یەکەوە، ناکرێت من بۆ ئیمزایەک چەند شوێنی شار بگەڕێم، پێموانیە هێندە قورسبێت بۆ حکومەت ئەو دائیرانەی پەیوەستن بەیەکەوە بیناکانیان نزیکی یەکبێت.

نەبونی سیستەمی بەرزکردنەوە لە بینای دەزگاکانی گەرمیان جێگەی سەرنجە لەلای هاوڵاتیان، بە شێوەیەک دەڵێن ئەگەر هەشبێت کارناکات، لای ئەوان جێگەی پرسیارە بۆ کەسێکی بەتەمەن و خاوەن پێداویستی تایبەت چۆن سەردانی ئەم شوێنانە بکات؟

بێریڤان ئیحسان، وتی: نازانم بۆچی حساب بۆ کەسی بەتەمەن و خاوەن پێداویستی تایبەت نەکراوە لە هەندێک دەزگا؟ کە تۆ لە نهۆمی سەرەوەی نابێت بیر لەوە بکەیتەوە هەمو جۆرە هاوڵاتیەک دێتە دەزگاکەت، بە چاوی خۆم بینیومە لە یەکێک لە دەزگاکان فەرمانبەر خۆی هاتۆتە خوار و ئیشی ئەو هاوڵاتیانەی رایی کردوە کە نەیانتوانیوە بچنە سەرەوە.

## 17. هاوڵاتیان لە بینا حکومیەکان روبەڕوی مەترسی لەسەر ژیانیان دەبنەوە

لە مانگی ئابی 2017، ژنێکی بە تەمەن لەکاتی قەرەباڵەغی مامەڵە و وەرگرتنی موچەدا، دەبورێتەوە و پاشان گیان لەدەست دەدات، ئەم حاڵەتەش دەرخەری ئەو رەوشەی بینای دەزگاکانی گەرمیانە، بەوەی دەگاتە ئاستی ئەوەی مەترسی بخاتە سەر ژیانی هاوڵاتیان.

هاوڵاتی بەرزان ئیبراهیم، لە بارەی تێکەڵکردنی فەرمانگە حکومیەکان لە بینایەکدا وتی: "بە من بێت ئەو بانکەی کەلار دەروخێنم، چونکە زۆر گرفتی بۆ هاوڵاتی دروست کردوە تەنانەت دایکم لە کاتی وەرگرتنی موچە بوراوەتەوە بەهۆی نەبونی جێگەی باشەوە".

دەشڵێت: سەردانی زۆر فەرمانگەم کردوە لە بەشێکی فەرمانگەکان هەر جێگەی دانیشتن نیە ئەبێت بە پێوە بوەستی، چونکە بچوکە و جێگەی چەن کەسێک ئەبێتەوە، بەتایبەت دادگای کەلار.

## بەشی دووەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

1. لەگەرمیان کێشەیەکی سەخت و قوڵی بینا هەیە لە هەمو روەکانەوە، چ لە روی رێژە و ژمارەوە کە ژمارەی بیناکان کەمە، چ لە روی کوالێتیەوە کە بیناکان بەپێی کوالێتی باش و بە تەواوی دروست نەکراون و بیر لە ئایندەی دور نەکراوەتەوە لە دروستکردنی، چ لە روی گرنگییەوە بیناکان بەپێی گرنگیی دروست نەکراون، بۆنمونە دەزگای وەها هەیە کە سەردانکەری زۆرە، بەڵام بینای کەم و بچوکە، وەکو (بانکی کەلار و خەزێنەی گەرمیان)، بەڵام بەڕێوبەرایەتی گشتی هەیە کە هەم سەردانکەری کەمە و هەم ئەرک و کاریشی، کەچی زیاد لە بینایەکی نوێ و مۆدێرینی بۆ دروستکراوە، وەکو: (رۆشنبیری و گەشتوگوزاری گەرمیان).

2. لە بیناکان دا رەچاوی ئەوە نەکراوە کە بیر لە ئایندە بکرێتەوە، بەڵکو پرۆژەکان هەوڵدراوە بە بودجەی کەم و بۆ ئەمرۆ رایی بکرێن، ئەمەش وایکردوە لەگەڵ گەشەسەندنی کاری دەزگاکان، نەگونجاو بن و پێویست بە بینای تر بکات، چ بە دروستکردن بێت، یان بە بەکرێگرتنی بینای دیکە، یاخود بە دانانی کابینە و ژوری پلاستیکی.

3. لە دروستکردنی بیناکان دا گوێ بە دروستکردنی شوێنی پارکینگی ئۆتۆمبیلی سەردانکەران و تەنانەت فەرمانبەرانیش نەدراوە، هەندێک دەزگا هەیە کە هاوڵاتی زۆر سەردانی دەکات، بەڵام هیچ شوێنێکی وەستانی ئۆتۆمبیلی نییە تەنانەت بە پارە و کرێش، هاوڵاتی چۆن بتوانێت بە ئۆتۆمبیلی خۆی بۆ راییکردنی ئەو دەزگایانە سەردانیان بکات؟

4. هیچ دەزگایەکی مەرکەزیی لە ئاستی قەزا و ئیدارەی گەرمیان نیە کە بڕیار لە پرسی دروستکردنی ئەو بینایانە بدات، ئەمەش وایکردوە بیناکان پڕ لە کەموکورتیی بن.

5. لە زۆرینەی رەهای بینای دامودەزگاکان دا، گرنگیی بە کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت نەدراوە و بیناکانیان بەو شێوەیە دیزاین نەکراون کە خزمەت بەوان بکات.

6. هیچ دابەشکارییەکی مەنتیقی لە ژمارەی بیناکان دا نیە بەسەر سێکتەرەکان، کەرتی ئەوتۆ هەیە زۆر گرنگە کەچی دەزگاکانی بینایان نیە، کەرتی ئەوتۆش هەیە کەمتر گرنگە کەچی چەندین بینایان هەیە، ئەمەش نازانرێت چۆن و بە چ شێوەیەک و لەسەر چ بنەمایەک بڕیار لەم بابەتانە دراوە!

7.بەرێوبەرایەتی هەیە لە گەرمیان خاوەنی سێ بینایە یاخود خاوەنی بینایەکی مۆدێرنە لە کاتێکدا ئەو بینایانەی دەزگا خزمەتگوزارییەکانی تێدایە لە بینای کۆندان یاخود لە خانوی کرێدان، پێویستە ئەمە رێکبخرێتەوە.

8. لە بەشێکی بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەکان بەڕێوبەران تەنها گرنگی بە ژورەکانی خۆیان دەدەن و ئەو دیاردەیەش بە دیدەکرێت کە لە بەشێکی برچاوی بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەکان.

9. بیناکان بۆ راییکردنی کارەباری هاولاتیانە، بۆیە پێویستە گرنگیی بە هاولاتیان بدرێت بەتایبەتی لەکاتی چاوەڕوانیان بۆ راییکردنی مامەڵەکانیان، بەشێوەیەک ئامێری فێنککەرەوە و گەرمکەرەوەی پێویستیان بۆ فەراهەم بکرێت لە دەزگاکان، سەرباری شوێنی چاوەڕوانی و دانیشتنی گونجاو.

بەگشتی و بۆ بەرەوپێشەوەبردنی ئەم بوارە، ئەم پێشنیازانە بە پێویست و گونجاو دەزانین:

1. پلانی ستراتیژیی هەبێت بۆ دروستکردنی بینا، واتا شارەوانی قەزاکان و ئیدارەی گەرمیان، پلانی 10 یان 20 ساڵی دابنێن و لەسەر ئەو بنەمایە بینا لە داهاتودا دروست بکرێت.

2. ئەو دەزگایانەی کاروباریان لە یەکەوە نزیکە، بیناشیان لەیەکەوە نزیک بن باشترە، خۆ ئەگەر کۆمەڵگەی فەرمانگەکان دروست بکرێت بۆ ئەو دەزگا و فەرمانگانە، زۆر گونجاو تر و ئاسانترە بۆ هاولاتیان.

3. لە دروستکردنی بینادا، بیر لە داهاتو بکرێتەوە، لەبەر تێچوی کەمتر، سەرکێشی بە بینا و نەخشەکەیەوە نەکرێت.

4. لە دروستکردنی بیناکان دا، ڕەچاوی کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت و بەتەمەن بکرێت و ڕێوشوێنی پێویست هەبێت بۆ ئەوان، هەروەک گەراجی ئۆتۆمبیل و شوێنی چاوەڕوانی گونجاو بۆ هاولاتیان دەستەبەر بکرێت.

5. ئەگەر لەئێستادا توانای دروستکردنی بینای نوێ نیە، ئەوا پێشنیاز دەکەین حکومەت لیژنەیەک پێکبینێت بۆ جەردی بیناکان و هەروەها هەڵسەنگاندنی کاروباری فەرمانگەکان، بینا گونجاوەکان بدات بەو فەرمانگانەی گرنگتر و پێویست ترن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو بینایە هی چ وەزارەت و کەرتێکە.

## بەشی سێیەم: ناساندن

### 1. ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

❊ ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

❊ کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

* بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 2. ناساندنی رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی: (radiodang.org)، هاوکات رۆژنامەیەکی مانگانە تایبەت بە پرسەکانی ژنان بە ناوی (نەوژین) دەردەکات.

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد،

بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 3. ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەرینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بریارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێرییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بریاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی
2. زریان محەمەد
3. رێناس ساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

yakaychawderigarmyan@gmail.com Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org